# هەرای جەنگە

محەمەد سەیدباقی

“هەڵبجەیی“

گوێ ڕاگرن، تەماشاکەن

هەرای جەنگە

ئەرز و ئاسمان تانك و تۆپە

ئاگر بارانە. . . . !

لەڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا

هاوپەیمانان ئەڵێن، ئێمەین تەنها

ڕزگارکەری گەل و ووڵات. . !

هەرایە. . . هەرای جەنگە

بڕوانن چۆن. . ؟!

زلهێزەکان

ئەیخۆنەوە پێکی پڕیان

لەژێر سایەی ئاڵای جەنگ و

دیموکراسی لە بۆ عێراق

هەرایە. . . هەرای جەنگە

ئەمجارەیان سەرتاسەری ووڵاتەکەم

چاوو پڕگریان

ئەسرینی خوێن ئەبارێنن

لەلایەك دیکتاتۆرە. . . . لەلایەك هاوپەیمانان. . !

چاویان لەدوای ناوی نەوتە

لەبەرهەمی گەلی هەژارو زەحمەتکێشان. . !

هەرایە. . . . هەرای جەنگە

دەبڕوانن یەکێ ئەمرێ، یەکێ بەرز ئەبێتەوە

یەکێ هەژار، یەکێ زەنگین ئەبێتەوە

یەکێ هەواڵی ڕاستەو یەکێ درۆ

یەکێ دێت و یەکێ دڕوا سەرلێشێواو

کەس نازانێ ڕوو لەکوێکا

وەك پەناگا. . وەك حەشارگا

چاو ترساون لەناوی جەنگ

لەشەڕکەر و داگیرکەران. .

هەرایە. . هەرای جەنگە

ئەڵمانیا

٢٠٠٣/٣/٢٥

کوردستان نێت www.kurdistannet.org